نەوەی ئادەم منی بە درۆ دەزانی، وجوێنی پێدام لەکاتێکدا مافی ئەوەی نیە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە فەرموویەتی: نەوەی ئادەم منی بە درۆ دەزانی، وجوێنی پێدام لەکاتێکدا مافی ئەوەی نیە، بە درۆ دانانی اللە ئەوەیە کە دەڵێت: زیندووم ناکاتەوە، هەروەکو چۆن منی دروستکرد، دروستکردنی یەکەمی ئاسانتر نییە لە لای اللە لە دووبارە زیندووکردنەوەی، وجوێندانی ئەوەیە کە دەڵێت: خوای گەورە کوڕی هەیە، لە کاتێک اللە تاکە، وهەموو بوونەوەرەکان پێویستیان بە اللە وئەو پێویستی بە هیچیان نییە، اللە نە منداڵی هەیە ونە لە کەس بووە، وهیچ شتێک وەکو اللە نییە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە فەرموودەیەکی قودسیدا ڕوونیدەکاتەوە: خوای گەورە -عز وجل- باسی موشریك وکافرەکان دەکات کە ئەوان خودا بە درۆ دوزانن وبە کەموکورتی وعەیب وەسفی دەکەن، لەکاتێکدا مافی ئەوەیان نییە. بە درۆ دانانی اللە، ئەوەیە کە دەڵێن: اللە جارێکی تر زیندوویان ناکاتەوە لەپاش مردنیان هەروەکو چۆن یەکەمجار لە نەبوونەوە دروستی کردون، اللە وەڵامی دایەوە بەوەی ئەوەی بتوانێت لە نەبوونەوە بخوڵقێنێت، بێگومان بەتوانایە لەسەر دووبارە دروستکردنەوەیان ؛ بەڵکو ئاسانترە، ئەگەرچیش هەردوویان خوڵقاندن ودووبارە خوڵقاندنیان لای خوای گەورە یەکسانە، وخوای گەورە لەسەر کردنی هەموو شتێك تواناداره. جوێندانیان، ئەوەیە کە دەڵێن: خوای گەورە منداڵی بۆ خۆی بڕیارداوە، اللە وەڵامی دایەوە بەوەی ئەو تاکە بەهەموو کاملێك لە ناو وسیفەت وکردەوەکانی، وپاك وبێگەردە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێك، وهەموو بوونەوەرەکان پێویستیان بە ئەوە، وئەو پێویستی بە هیچ یەکێك نییە، وباوکی هیچ یەکێك نەبووە، ومنداڵی کەس نەبووە، وهیچ هاوتا وهاوبەش وهاوشێوەیەکی نییە -سبحانه وتعالى-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6327